

# کامێرای 3D بۆ گشت کۆمپیوتەرێک

لـە پیشـانگای سـاڵانەی CES 2018دا کۆمپانیـای HP کامێرایەکی خستەڕوو کە بە یەکێك لە پڕ سوودترین کامێرای 3D ناسـراوە. کامێرایەکـی سـێ دۆری 3D بـۆ وێنەگرتـن لـە شتەکانی دەوروبەر و راستەوخۆ دانیان لە پرۆگرامی تایبەت بەو مەبەستە هەر لە خودی کۆمپیوتەرەکەتدا.

کامێـرای HP Z 3D لـە کۆمپیوتەرێکـەوە بـۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە دەگوازرێتەوە، دەکرێت لە هەر شاشـەیەك بدرێت. گرنگترین بەشـی کامێراکـە بوونی شاشـەیەکە لە سـەرەوەی کامێـرا.. جگە لە کاری سـێ رەهەنـدی دەکرێـت وێنـە و بەڵگـەی دوو رەهەندیشـی پێ تۆمـار بکـرێ. کامێراکە ئەو وێنانەی دەیانگرێت بە کوالیتی زۆر بەرز و وردبینییەکـی زۆرەوە دەیانگوازێتـەوە بۆناو کۆمپیوتەرەکـە.. کامێراکە ئەرکی سکاینەری سێ رەهەندیش ئەنجام دەدات..

# رۆبۆتە سەرنج راکێشەکانی هۆندا

**لـە پیشـانگای سـاڵانەی CES 2018دا کۆمپانیـای هۆنـدای ژاپۆنـی، یەکێک بوو لە پێشـەنگانی پیشـانگا. چەند سـاڵێکە کۆمپانیای ناوبراو تەنیـا ئەرکی خۆی بە بەرهەمهێنانـی ئۆتۆمبیـل تەرخان نەکـردووە، هەرچەنـدە بەیەکێک لـە کۆمپانیا بەهێزەکانـی بواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل ناسـراوە.. کۆمپانیـای ناوبراو نیازی**



## رۆبۆتی جۆری E3-C18:

رۆبۆتـی E3-C18 وەك رۆبۆتـی D ناچێـت و بـۆ ئەرکـە دژوارەکان سـوودی لێوەرناگیرێت. ئەرکی سـەرەکی رۆبۆتەکە پەیوەنـدی بـە ماڵەوە و دەوروبەری ماڵەوە هەیە. جگە لەوەی دەتوانێت کەلوپەلەکان بگوازێتەوە، هەروەها وەك عارەبانەیەکی خواردنـی گـەڕۆك سـوودی لێوەردەگیرێ. رۆبۆتـی ناوبراوو دەتوانێـت کـردار و جوڵەی مرۆڤەکانی دەوروبەیشـی فێر بێت و پاشـان بەشـێوەی ئۆتۆماتیکـی ئەنجامـی بداتـەوە. ئـەم رۆبۆتە شاشەیەکی لەپێشەوەو لە پشتەوە هەیە، لە شاشەکەی پێشەوەدا جگە لە سڵاوکردن، وێنەی ئیمۆجیش نیشان دەدات.

## رۆبۆتی جۆری E3-B18:




رۆبۆتـی E3-B18 بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە فرۆکەخانـە و فرۆشـگا و تێرمینال و شـوێنە قەرەباڵغەکان سوودی لێدەبیندرێ، ئەرکی رۆبۆتەکە وەك رۆبۆتەکانی پێشـوو هەڵگرتنی کەلوپەلە، بەڵام بـە جیاوازتر لەوانی دیکە، چونکە دەتوانێـت مرۆڤیش هەڵبگرێت و هەربۆیە لـە تێرمیناڵـەکان بۆ هەڵگرتنی منداڵ و پەککەوتەکان سوودی لێوەردەگیرێت.

رۆبۆتی ناوبراو دەتوانێت بە شـوێنە هەرە تەنگەبەرەکانیشـدا بـڕۆن و ئۆتۆماتیکـی شـوێنی مەبەسـتی خۆیـان پێدەزانـن و دەتوانێت لەکاتی پێویسـتدا بۆ ئـەوە گرفت نەیەتە پێش بوەستن..

# کوادکۆپتەرێکی بچووک و کارامە



لە پێشانگای ساڵانەی CES2018دا پشکی شێر وەبەر کوادکۆپتەرەکان Quadcopter کەوت، ئەو ئامێرە هەرچەندە لە وڵاتی ئێمەدا بەباشی گشتگیر نەبووە و زیاتر وەك یاری منداڵانە سەیر دەکرێت، تەنیا هەندێك شوێن بەمەبەستی فیلم هەڵگرتنەوە سوودی لێوەردەگرن.

کۆمپانیای Tello لە پێشانگای ئەمساڵی CESدا جۆرێك لە کوداکۆپتەری خۆی خستەڕوو، کە هەم هەرزانبایی بوو هەم توانایی و کارامەیی زۆری هەبوو. کوادکۆپتەری ناوبراو قەوارەکەی ٤١ ملمە. کێشەکەی ٨٠ گرامە. پەڕەکانی ٣ ئینجن. مەودای فڕینی ١٠٠ مەترن.. خێرایی فڕینی ٨ مەتر لە چرکەیەکدایە و دەتوانێت هەتا ١٣ خولەك بە ئاسمانەوە بێت. ئەرکی کوادکۆپتەرەکەش ئەمانەن: دۆزینەوەی دیمەنی وێنەگرتن.. ئاستی زەختی هەوا.. وێنەگرتنی بە هەردوو شێوەی فیلم و وێنە.. توانای بڵاوکردنەوەی شەپۆلی وای-فای بۆ ئەوەی لە بەرزاییەوە زیاتر لێی سوودمەند بن..

# ...ێشەکانی هۆندا

**هەیە لە بوارەکانی دیکەی تەکنەلۆژیاشدا خۆی تاقی بکاتەوە.**
**هۆندا لە پێشانگای ئەمساڵی CESدا چوار رۆبۆتی خستەڕوو، کە بڕیار وایە لە ساڵەکانی داهاتوودا دروست بکرێن ئەمانەی لە پێشانگا نیشاندران تەنیا نموونەیەک بوون...**



## رۆبۆتی جۆری 3E-D18:

رۆبۆتی 3E-D18 رۆبۆتێکی جوڵەدار بە توانای جوڵەی ئۆتۆماتیك و هۆشی دەستکرد.. رۆبۆتەکە وەك تانکێکی بچووك دەچێت، زۆر ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدا، تەنانەت ئەرکی وا کە بیرناکەیەوە ئەم رۆبۆتە بچووکە لە توانای دابێت، رۆبۆتەکە دەچێتە ئەو شوێنانەی زۆر دژوار و ئەستەمن وەك هەوراز و لێژاییە ئەستەمەکان.. هەم بۆ کاری نیزامی و هەم بۆ رزگارکردنی کەسەکان لە کارەسات و نەهامەتییەکان، وەك بومەلەرزە، بوردمان و کەوتنە ناو قوڵایی سوودی لێوەردەگیرێت.. هەر چوار تایەکەی دەجوڵێت و لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

## رۆبۆتی جۆری E3-A18:




رۆبۆتی هۆندای جۆری E3-A18 وەك رۆبۆتەکانی دیکە نییە، ئەو هیچ ئەرکێکی جەستەیی ئەنجام نادات، واتە نە کەلوپەل رادەگوێزێت و نە بە شوێنە تەنگەبەرەکاندا دەچێت و نە مرۆڤەکان لە نەهامەتییەکان رزگار دەکات، بەڵکو ئەرکی رۆبۆتەکە یارمەتیدانی دەروونی بەکارهێنەرانیەتی، هاوکاری کردن و رێنوێنی کردنی بەکارهێنەرانە.. شوێنی ئەم رۆبۆتە زیاتر شوێنە بازرگانییەکان و فڕۆکەخانەکان و تێرمینالە گەورەکانە...

یارمەتی گەشتیاران دەدات شوێنی مەبەستی خۆیان بدۆزنەوە، ئەو پرسیارانەی کریاران لە شوێنە بازرگانییەکان هەیانە دەتوانن لەو رۆبۆتەی بپرسن و رێنوێنیان دەکات. تەنیا ئامێرێکی ئاسایش نییە بگرە خۆی لەگەڵ وەزعیەتی رۆحی بەکارهێنەرانی دەگونجێنێ و پەیوەندیان لەگەڵ دادەمەزرێنێ.



# لاپتۆپی دووانەی XPS 15

تەبلێت و لاپتۆپ دوو ئامێری تەکنەلۆژی لێکجیاوازن، رەنگە هەردووکیان ئەرکی یەکتر ئەنجام بدەن بەڵام ستایل و دیزاینیان جیاوازە و بەکارهێنەرەکانیشیان کەسانی تایبەت بەخۆیانن..

لەم ساڵانەی دواییدا جۆرێك لە لاپتۆپ بەرهەم هاتووە، کە شاشەکەی سەری هەڵدەگرێت و دەبێتە تەبلێت، بەم جۆرانە دەگوترێت «هیبرێد» واتە دووانە و ئەوەی دوو ئەرك ئەنجام دەدات..

لە پیشانگای ces ساڵانەدا کۆمپانیای دێڵ، لاپتۆپێکی هێبریدی خستەڕوو کە بە جۆری XPS15 ناسراوە. ئەم لاپتۆپە بە یەکێك لە بەهێزترین لاپتۆپەکانی جیهان ناسراوە.

بەشی سەرنج راکێشی لاپتۆپەکە، کیبۆردەکەیەتی، رەنگە کە سەیری بکەی جیاوازییەکی ئەوتۆ لەگەڵ کیبۆردێکی ئاسایی نەبینی، بەڵام لە راستیدا سیستەمێکی نوێیە و لە تەکنەلۆژیای موگناتیسی سوود وەردەگرێت، چونکە لە ژێرەوەی هەر دوگمەیەك موگناتیسێك دانراوە. کاتێك دوگمەکە دادەگری هەست پێدەکەی ئاسانتر دادەگیردرێن. کارتی شاشەکەی لە بەهێزترین کارتی شاشەی لاپتۆپە.. پرۆسیسەرەکەی جۆری i5 یا i7ە. رامی ٨ هەتا ١٦ گیگابایتە. شاشەیەکی K4 لەمسی هەیە. هارد یا میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگا هەتا ١ ترابایتە و لە جۆری SSD یە. قەڵەمێکی لەمسی لەگەڵدایە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، کۆمپیوتەرەکەم لەماڵەوە کاتێك منداڵەکان دەستکاری دەکەن، زۆر جار فایل و وێنەکانم دەسڕنەوە، دەکرێ کۆمپیوتەرەکەم بکەم بە دوو بەش، بەشێك بۆ منداڵەکان و یاری تێدابێ و بەشێکیش تایبەت بێ بە خۆم؟**

خوێنەری بەڕێز ئەوەندەی لە مەبەستت گەیشتبم ئەوەیە کە دەتهەوێ کۆمپیوتەرەکەت بکەی بە دوو یوەزر یان چەند یوزەرێك (user). بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بچو سەر بەشی کۆنترۆڵ پەنەڵ و لەوێ بەشێك ببینەوە بەناوی user accounts ، کاتێك ئەوە دەکەیەوە new user هەڵبژێرە و ناوێکی بۆ دابنێ.. کاتێك کۆمپیوتەرەکەت هەڵکرایەوە بەشی تایبەت بەخۆت لەگەڵ ئەوانی دیکە جیا دەکرێتەوە...



# هاردێکی دەرەکی پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە

بۆ گواستنەوە و هەڵگرتنی داتاکان هاردەکان بەراستی سوودێکی زۆریان هەیە، ڕەنگە تا ماوەیەکی زۆر ڕۆڵی هارد هەر بمێنێت و وەك فلۆپی و سی دی و ... بە مەودایەکی کەم لەناو نەچێت.. هاردی دەرەکی (پورتێبل) هەتا ئێستا هەیە قەوارەی گەیشتۆتە ٢٠ ترابایت..

لە پیشانگای ساڵانەی cesی ئەمساڵدا هاردێکی پورتێبڵ خرایە روو کە بە جۆری LaCie DJI Copilot ناسراوە، هاردێك بۆ بەکارهێنانی پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە.

هاردی پورتێبڵ ئامرازێکە بەگشتی بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی قەبارەیەکی زۆری زانیاری سوودی لێوەردەگیرێت بەڵام بۆ دەستکاری کردنی فایلەکانی سەر هاردەکە پێویستی بە کۆمپیوتەرە. بەڵام هاردی ناوبراو بۆ دەستکاری کردنی فایلەکانیش پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە.

هاردی LaCie DJI Copilot بەهۆی شوێنی پۆرتی جۆراوجۆر و شاشەیەك کەلەسەر هاردەکە هەیە، ئەرکەکانی بەکارهێنەر ئەنجام دەدات، هەموو جۆرە پۆرتێکیشی هەیە (پۆرت: واتە کەلێنی دانانی کێبڵ بۆ ئامێرەکان)... دەتوانی موبایل، کامێرا، لاپتۆپ، تەبلێتی پێوە پەیوەند بدەی و هاردەکە بۆخۆی فایلەکانی سەر ئەو ئامێرانە لەخۆیدا خەزن دەکات. قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لەم هاردەدا دەگاتە ٢ ترابایت..

کۆمپانیای بەرهەمهێن رایدەگەیەنێ کە ئەم هاردە زیاتر تایبەتە بە وێنەگران و فیلم هەڵگرەوەکان بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان ئاسانتر بێت و بۆ مەبەستێکی زۆر بچووك وەك گواستنەوەی فایلەکان پێویستیان بە کۆمپیوتەر نەبێت بەڵکوراستەوخۆ فایلەکانیان بۆ سەر هاردەکە بگوازنەوە..



## سایتێک بۆ دەستکاری کردنی دەنگی فیلم

زۆر جار فیلمێکت لەلایە، بەڵام دەنگی سەر فیلمەکە ئاستێکی زۆر نزمی هەیە، یان دەنگەکە لە دوورەوەیە و بەباشی گوێت لێنابێت، بۆ بەهێزکردنی دەنگی ڤیدیۆ، زۆر پرۆگرامی تایبەت بەم مەبەستە دانراون، بەڵام ڕەنگە جاری وا هەبێ لە شوێنێك پێویستت بێ کە دەستت بەم پرۆگرامانە رانەگا، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی VideoLouder بدە، ئەم ماڵپەڕە تایبەت بەو مەبەستە دانراوە، لەم ماڵپەڕەدا دەتوانی دەنگی ڤیدیۆکان بەرز یان نزم بکەی. توانای دەستکاری کردنی ڤیدیۆی بە قەوارەی ٥٠٠ میگابایتی هەیە. لە فۆرماتەکانی AVI, MPEG, MP4, MOV پشتیوانی دەکات.

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی وێنەکان

پرۆگرامەکانی تایبەت بە دەستکاری کردنی وێنە گەلێکن، زۆرجاریش هەر لەم فایلەدا پرۆگرامی تایبەت بە وێنەمان ناساندووە. یەکێکی دیکە لەو پرۆگرامانە کە پێویستە بیناسن و بەکاری بێنن پرۆگرامی IdImager Photo Supreme لە زۆربەی فۆرماتەکانی وێنە پشتیوانی دەکات، بە ئاسانی دەتوانی دەستکاریان بکەی. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی وێنەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت بەئاسانترین شێوە ڕێك بخەی، سلایدشۆ و ئەلبۆمی سەرنجراکێشیان بە ئیفێکتی جیاوازەوە بۆ دروست بکەی، وێنەکان بەپێی مەبەستەکان یان ڕێکەوتەکان یان هاوشێوەکان ریزبەندی بکەی.. هەر وێنەیەك مەبەستە بە شێوەی ئۆنلاین بۆ کەسانی دیکەی بنێری، سوری چاوەکان ئۆتۆماتیکی باش دەکات. هەروەها فۆرماتێکی وێنە بە فۆرماتێکی دیکە بگۆڕی...

